# بەروە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە لە کوردستاندا

**د.کەمال سەید قادر**
drkamalsaidqadir@gmx.at

مەبەست لە ئۆپۆزیسیۆن لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی یە بە مانای گروپێکی سیاسی بۆ نمونە لە شێوەی حیزبێک یاخود بزوتنەوەیەک کەوا هەولدەدات بە شێوازێکی دیمکراسیانە وە لە چوارچێوەی دەستورو یاسادا چاودێری حکومەت بکات، بە بێ ئەوەی لە خۆی حکومەت بەشدار بێت یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان پابەند بێت پێ یەوە، بەلام لە هەمان کاتیشدا ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە دەسەلات لە رێگای هەلبژاردندا.

بونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە یەکێکە لە کۆلەکە سەرەکی یەکانی سیستەمی دیمکراسی کەوا گەل لە ژێر چەتریدا خۆی حوکمی خۆی دەکات لە پێناوی بەرژەوەندی یەکانی خۆیدا، بە پێچەوانەی سیستەمە نا دیمکراسی یەکانی وەکو دکتاتۆریو، تۆتالیتاریو، دەرەبەگیو، ئۆلیگارخیو ئەرستۆکراسی. کاتێک کە تاقە کەسێک یاخود گروپێک دەبنە سەرچاوەی هەمو دەسەلات لە ولاتدا وە هاولاتیان وەکو مێگەل سەیر دەکرێن هەروەکو لە سیستەمە دکتاتۆری یە کاندا باوە، یاخود تاکە ئایدۆلۆجیایەک فەرز دەکرێت بە سەر کۆمەلگادا کەوا لە هەمو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت هەروەکو لە سیستەمە تۆتالیتارەکاندا پەیڕەو دەکرێت، یاخود حوکم وەکو مولک لە باوکەوە بۆ نەوەکانی بە میرات دەگوازرێتەوە، جا خاوەن دەسەلات چ ناوی شێخ یا ئەمیر یا مەلیک یاخود هەتا سەرۆکیش بێت هەروەکو لە سیستەمە دەرەبەگی یەکاندا دەبینرێت، جاریش وایە کۆمەلە کەسانێکی خاوەن سەرمایە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان حوکم دەگرنە دەست کەوا بە سیستەمی ئۆلیگارخی ناسراوە، وە کاتێکیش چینێکی دەسەلاتدار حوکم دەگرێتە دەست کەوا بە شێوەیەکی ویراسی خۆیان بە چینی سەرەوەی گەل دەزانن، هەرچەندە مەرجیش نی یە بە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان حوکم بکەن، ئەوا سیستەمەکە دەبێتە سیستەمی حوکمی ئەرستۆکراسی.

ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکی دیمکراسیدا شێوازی کارکردنی جیایە وەکو لە سیستەمێکی نادیمکراسیدا، چونکە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە سیستەمی دیمکراسیدا ئۆپۆزیسیۆنێکی دژ بە سیستەمەکە خۆی نی یە وە ئامانجیشی گۆڕانی ئەم سیستەمە نی یە، بەلکو پابەندو دلسۆزە بە دەستوری دیمکراسی ولات، بەلام چاودێرە لە سەر کارەکانی حکومەت تا ئەو کاتەی خۆی لە رێگای هەلبژاردنەوە دێتە سەر دەسەلات، ئینجا لێرەدا ڕۆلەکە دەگۆڕێت، واتە لایەنی سیاسی پێشوی سەر دەسەلات خۆی دەخزێنێتە کەوری ئۆپۆزیسیۆنەوە چونە

لە سیستەمێکی دیمکراسی ڕاستەقینەدا کەمینەو زۆرینەی بەردەوام نی یە، بەلکو بە پێ ی دەرئەنجامەکانی هەلبژاردن ڕۆلەکان ئالوگۆڕ دەکەن.
ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمی دیمکراسیشدا شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەلستکاری، بەلام بەرهەلستکاری یەکی ئاشتی خوازانەو دەستوری یانەیە بەرامبەر بە حکومەت نەک دژ بە حکومەت چونکە دژایەتی کردن هەمو ئاقارەکانی سیاسی دەگرێتەوە کەچی لە سیستەمی دیمکراسیدا لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەوانەیە لە هەندێ خال لە گەل حکومەتدا کۆک بێت وە لە هەمان کاتیشدا لە زۆر خالی ترا لە گەل ئەم حکومەتە ناکۆک بێت، وە لە هەندێ حالەتی نائاسایشدا ئۆپۆزیسیۆن بە تەواوەتی لە پشت حکومەتەوە دەوەستی بە تایبەتی کە هەڕەشەی دەرەکی لە سەر سەروەری دەولەتو دەستور لە ئارادا بێت.

کەواتە هەروەکو لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکی دیمکراسیدا دوو ئامانجی سەرەکی هەیە: یەکەمیان چاودێری کردنی کاروباری حکومەتە وە دووەمیشیان هەولدانە بۆ هاتنە سەر دەسەلات لە ڕێگای هەلبژاردندا.
لە سیستەمی دیمکراسیدا ئۆپۆزیسیۆن بە هەمان شێوەی لایەنی سەر دەسەلات شەرعیەتی دەستوری خۆی هەیە چونکە لەم جۆرە سیستەمانەدا گەل مافی خۆی هەیە کاریگەری هەبێت لە سەر بڕیارەکان حکومەت کەوا پەیوەندی یان بە ژیانی گشتی یەوە هەیە.
یاسای نێو دەولەتیش کەوا لە سەروی دەستوری دەولەتیشە، بە تایبەتی یاسای مافی مرۆڤی نێو دەولەتی هەروەکو بۆ نمونە لە جاڕی گەردونی مافی مرڤدا هاتوە، مادەی 21، وە ڕێککەوتنامەی نێودەولەتی مافە مەدەنیو سیاسی یەکان لە مادەی 25 دا جەخت لە سەر پرنسیپی دیمکراسی دەکەنەوە کەوا ئۆپۆزیسیۆن یەکێک لە بنەما سەرەکی یەکانی یەتی.

بێ گومان لە سیستەمێکی دیمکراسی ڕاستەقینەدا دەبێ هەمو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان پێشتر دابینکرابن لە دەستوردا یاخود لە جاڕێکی سەربەخۆدا وەکو ئازادی ڕادەربڕینو کۆبونەوەو پێکهێنانی ڕێکخراو ئەگەر نا مەحالە هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆلی خۆی ببینێت.

ئۆپۆزیسیۆنیش لە سیستەمێکی دیمکراسیدا دەتوانێت دوو شێوەی سەرەکی وەرگرێت: یەکەمیان ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی یە وە دووەمیان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی پەرلەمانە. لە جۆری یەکەمدا لایەنی سیاسی لە ڕێگای هەلبژاردنەوە توانیویەتی بێتە نێو پەرلەمان بەلام لە حکومەت بەشدار نی یە، وە جۆری دوەمیان ڕێکخراوێکی سیاسی یە نەیتوانیوە یاخود هێشتا نەیتوانیوە دەنگی پێویست بە دەست بهێنێت بۆ هاتنە نێو پەرلەمان.
بێ گومان کاری ئۆپۆزیسیۆنی بەشدار لە پەرلەمان زۆر لە کاری ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان ئاسانترە بە هۆی ئەو حەسانەیەی کەوا بە ئەندامەکانی پەرلەمان دراوە وە ئەو

دەرفەتەش کەوا ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرسیارو لێپرسراوەتی لە گەل ئەندامانی حکومەتدا بکەن، کەچی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان دەبێت زیاتر ئاگاداری دەستنوێژی خۆی بێت لە بەر نەبونی حەسانە وە بە شێوەیەکی فراوانتر پشت بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ببەستێت بۆ ئاگادار کردنەوەی خەلقو چاودێری کردنی حکومەتو فشار خستنە سەری.

سیستەمی حوکمیش لە کورستاندا کەوا تا ئێستا گوایە ئەوەندە ساوایە ناتوانرێت هەتا گێندەرە سیاسیەکەشی دیار بکرێت، دەتوانرێت لە باشترین حالەتدا بە سیستەمێکی نیمچە دیمکراسی ناوببرێت لە گەل چەند خەسلەتێکی دەرەبەگی سیاسی زال بە سەریا چونکە چەند خێزانێک مۆنۆپۆلی دەسەلاتیان گرتۆتە دەست. ناشتوانێت لە سیستەمێکی نیمچە دیمکراسی هیچ شتێکی تر بێت چونکە تا ئێستا هەرێمی کوردستان نە دەستورێکی هەیەوە نە جارێکی مافە بنە
ڕەتی یەکانیش وە مافە بنەڕەتی یەکان کەوا یەکێکە لە خەسلەتە هەرە سەرەکی یەکانی سیستەمی دیمکراسی بە هیچ شێوەیەک نە دابین کراون نە پارێزراون لە شێوەی دەستورێکی بالادا. جگە لەوەش کەوا دەسەلاتی سیاسیو ئیمتیازات زۆر جار لە سەر بناغەی عەشیرەتیو خێزانیو چینایەتی دەبەخشرێت.
جا سیستەمی حوکم لە کوردستاندا هەر چی یەک بێت، دیمکراسی یا نیمچە دیمکراسی، ئەوا بە بێ بونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە هەموجۆرە خەسلەتێکی دیمکراسی بونی لە سەر لادەچێت.

جا لێرەدا با تی چاوێک بدەینە گۆڕەپانی سیاسی کوردی با بزانین تا چ ڕادەیەک ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کاریگەر بونی هەیە لە کوردستاندا وە ئەگەر بونی نەبو چۆن دەتوانرێت ئۆپۆزیسیۆنێکی لەم جۆرو پێکبهێنرێت؟

## حکومەتو ئۆپۆزیسیۆن لە کورستاندا

بە ڕای من ناتوانین بە هیچ جۆرێک لە بونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینەو کاریگەر بدوێن لە کوردستاندا ئەمیش لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1. بونی دوو حیزبی زلهێز کەوا بە هیچ جۆرێک لە مێژوی خۆیاندا کولتورێکی دیمکراسیانەیان نی یە تاکو ڕێگا بە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە بدەن بەلکو تا ئێستا بە ئاگرو ئاسن بەربەرەکانی یەکترو هەمو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکیان کردوە.

2. بەشێک لە حیزبە بچوکەکان خۆیان یاخود یەک لە حیزبەکانی خاوەن دەسەلات وەکو حیزبێکی کارتۆنی قیتی کردونەتەوە، یاخود ئەوەندە بچوکن کەوا وەکو ماسی یەکی بچوک پێ ویستیان بە پارێزگاری لە لایەن یەکێک لە حیزبە گەورەکانەوە هەیە تاکو ئەمی تر قوتیان نەدات، بۆیە ناتوانن ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆن ببینن.
3. هەتا ئەگەر ئەم حیزبە بچوکانەش تا ڕادەیەکیش جەماوەرێکی بچوکیشیان هەبێت ئەوا هەر ناتوانن ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە ببینن چونکە یاخود چاو ترسای کراون یاخود لە لایەنی دارایی یەوە دەبێ پشت بە یەکێک لەم دوو حیزبە سەرەکی یە ببەستن.
4. حیزبە ئیسلامی یەکانی کوردستان کەوا تا ڕادەیەک جەماوەریان هەیە وە لە لایەنی درارایی یەوە دەتوانن سەربەخۆ بن ناتوانن لە نێو پەرلەمانو دەرەوەشی ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەر ببینن چونکە ئەوانیش بەئاگری ئەم تێرۆرە سوتاون کەوا هەندێک لە تاوانباران بە ناوی ئیسلامەوە ئەنجامی دەدەن. ئەم دیاردەی تێرۆرە هەردەم دەتوانرێت وەکو پاساوێک بە کار بهێنرێت بۆ سەرکەوتکردنەوەی حیزبە ئیسلامی یەکان ئەگەر بێتو هەولی گێرانی ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەیاندا.
5. هەردو حیزبە سەرەکی یەکەی کوردستان تاکتیکێکی سەرکەوتوانە بە کار دەهێنن بۆ خەساندنی هەموجۆرە ئۆپیۆزیسیۆنێک لە کوردستاندا، ئەمیش لە ڕێگای بەشداری پێ کردنیان لە حکومەتدا بە وەزارەتی کەم گرنگ.
6. بەکارهێنانی ترسو تۆقاندن دژ بە هەر لایەنێکی تر کەوا هەولبدات سەربەخۆ بێت وە ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆن ببینێت لە ڕێگای هەڕەشە لێکردنو زیندانی کردنو مۆلەت نەدانی یاسایی پێ یان تاکو لە سەرتاپای کوردستان کار بکەن.

بەلام نەبونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بە هیچ جۆرێک ئەمە ناگەیەنێت کەوا کۆمەلگای کوردستانی نەزۆکی سیاسی یە وە ناتوانێت ئۆپۆزیسیۆنێکی لەم جۆرە بێنێتە کایەوە، بەلکو ئەم کارە ئێستا پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس زۆر ئاسانتر بوە، چونکە بە لایەنی کەمەوە لە لایەنی تیۆری یەوە دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا خۆی وەکو سیستەمێکی دیمکراسی پشاندەدات وە لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی نێو دەولەتیشە بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کەوا بە لایەنی کەمەوە هەردو حیزبی سەرەکی بە زۆر ڕێگا لە دروستبونی ئۆپۆزیسیۆنێکی لەم جۆرە نەگرن.
داهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینەش لە کوردستاندا خۆی لە هەمانکاتدا کارێکی ئاسانەو قورسیشە. کارێکی ئاسانە چونکە مۆلەتی یاسایی وەرگرتن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی لە کوردستاندا کارێکی ئاسانە، بەلام کارێکی قورسیشە چونکە

ڕێکخراوێکی سیاسی کەوا لێ ی چاوەڕوان بکرێت ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە ببینێت لە کوردستاندا پێ ویستی بە ڕێکخستنو کارو سەرچاوەی دارایی هەیە. بەلام لە گەل ئەوەشدا ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنە بە هەر نرخێک بێت دەبێت دابمەزرێت ئەگەرنا پرۆسەی دیمکراسی لە کوردستاندا فەشەل دەهێنێت. وە مەحالیشە خەلق کوردستان دەست بە ئەژنۆ دانیشن لە کاتکدا چەند خێزانێک دەسەلاتیان لە کوردستاندا مۆنۆپۆل کردوە وە لە شێەوەی ئەمیرەکانی کەنداو ڕەفتار لە گەل داهاتو سەرمایەی کوردستان دەکەن هەروەکو ئەمان بە مەبەستی حوکم کردنو دەولەمەندبون لە دایکبوبن میللەتیش دەست بە سەر سینگەوە لە پێش دەروازەکانیان چاوەڕوانی لەتە نانێک بکات بۆی فرێ بدەن. بەلێ کاتی ئەوە هاتوە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی ڕێکخراو چاودێری دەسەلات بکات لە کوردستاندا وە ناوە ناوەش کۆشی دەسەلات هەلداتەوە بۆ دلنیابون لەوەی کەوا لەسەر هەمو بەلێنەکانی خۆی ماوە کەوا لە کاتی هەلبژاردندا بە گەلی دابو.

ڕاستیشە کەوا کوردستان بە بارێکی تایبەتدا تێ دەپەڕێت وە هەڕەشەی دەرەکی لە سەری لە زیادبوندایە، بەلام دەسەلاتی سیاسی کوردستان نابێت لە خەلقی کوردستان چاوەڕوان بکات کەوا سازش لە یەکێک لە مافە هەرە بنەڕەتی یەکانیان بکەن، کەوا ئەویش مافی بەشداربونە لە بڕیارە گشتی یەکانی حکومەت وە فشار خستنە سەری لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا. ئەزمونی ولاتانی تری دیمکراسی پشانی دەدات کەوا باری نائاسایی هیچ ولاتێک نابێت بکرێتە پاساو بۆ زەوت کرنی مافە سیاسی یە بنەڕەتی یەکان هەروەکو چۆن بۆ نمونە ولاتانی وەکو ئەمریکاو بەریتانیا لە هەردو شەڕی یەکەمو دوەمی جیهانی بەشداریان کرد بە بێ ئەوەی بای تۆزقالێکیش لە مافە دیمکراسی یەکانی هاولاتیانی خۆیان قوت بکەن، هەلبژاردنی سەربەخۆ هەر دەکراو ئۆپۆزیسیۆنیش هەرگیز لغاو نەدەکرا.

لە کوردستانیشدا دەتوانرێت ئۆپۆزیسیۆنێکی کاریگەر ڕێکبخرێت وە لە ئاستی ناوەخۆدا چاودێری کارەکانی حکومەت بکات لە گەل خۆ ئامادە کردن بۆ هاتنە سەر دەسەلات لە ڕێگای هەلبژاردنەوە، وە لە هەمان کاتیشدا لە مەسەلە چارەنوسی یەکاندا وەکو بەرگری کردن لە خاکی کوردستانو سەروەری هەرێم لە گەل حکومەتو هەمو لایەنەکانی تر لە یەک ڕیزدا بوەستێت.

بە ڕای من ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاساتەقینەوە کاریگەر لە کوردستاندا دەبێ بە لایەنی کەمەوە ئەم مەرجانەی خوارەوە پڕکاتەوە:

1. دەبێت بە تەواوەتی سەربەخۆ بێت واتە نابێت نە بەشداری حکومەت بکات نە وەکو سەرچاوەی دارایی پشتی پێ ببەستێت.

2. دەبێت لە شێوەی بزوتنەوەیەکی گشتیو فراوان بێت کەوا تەوژمو ڕەنگی جۆراوجۆر بتوانن شوێنیان لە ڕیزەکانی ببێتەوە.
3. پشت زۆر نەبەستی بە ڕێکخستنی ئەندامان بەلکو کاری سەرەکی خۆ ئامادە کردن بێت بۆ هەلبژاردن چونکە هەردو حیزبی سەرەکی هەمو دامو دەزگاکانو دارایی کوردستانیان بە حیزبی کردوە وە بۆیە خەلق با بۆ بژێوی ژیانی خۆیان ئەگەر بیانەوێت وەکو ئەندامی ئەم حیزبانە بمێننەوە بەلام لە ڕۆژی هەلبژاردن دەنگبدەن بەم ئۆپۆزیسیۆنە.
4. ئەم کەسانەی بە ئەرکی ڕێکخستنی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەش هەلدەستن دەبێ هەر لە سەرەتادا بە شێوەیەکی شەفافو دیمکراسیانە هەلببژێردرێن.
5. سەرچاوەی دارایی ئەم ڕێکخراوە دەبێت شەفاف بێت بە جۆرێک هەمو کەس بۆی هەبێت سەیری سەرچاوەکانی داهاتەکانی وە چۆنی یەتی خەرجکردنیان بکات.
6. ڕاگەیاندنو ئاگادارکردنەوە خەلق دەبێت ببنە چەکی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە بۆیە دەبێت خەلقانی ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوسان پالپشتی بکەن.
7. دەبێت ئەم ڕێکخراوە دورکەوێتەوە لە کێشەی ئایدۆلۆجی وە زیاتر باوەش بکات بە کێشە سەرەکی یەکانی کۆمەلگای کوردستانی وەکو نەبونی دادوەری کۆمەلایەتیو، بلاوبونەوەی هەژاریو نەخۆشیو گەندەلی دەسەلات.
8. دەبێ ئەم ڕێکخراوە لە سەر ئاستی نێوە دەولەتی خۆ بخاتە ڕیزی تەوژمێکی جیهانی وەکو سۆسیال دیمکراتەکان یاخود لیبرالەکان تاکو پالپشتی نێو دەولەتی بۆ خۆی دابین بکات.

داهێنانی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە نە کارێکی مەحالەو نە گەیشتنە دەسەلاتیشی لە ڕێگای هەلبژاردنەوە خەونێکە نەتوانرێت بێتە دی. بەلام ئەم کارە دەتوانرێت تەنها لە کوردستان ئەنجام بدرێت نەک لە ئەوروپاو ئەمریکاوە ئەگەرچی پالپشتی کردنی لە لایەن ڕەوەندی کورستانی یەوە هۆیەکی سەرەکی دەبێت بۆ سەرکەوتنی، چونکە هەرچەندە پالپشتی دەرەکی گرنگە بەلام هەر ئۆپۆزیسیۆنێک بیەوێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە کوردستاندا کار بکات دەبێت لە گۆڕەپانەکە خۆی بێت. هەردو حیزبی سەر دەسەلات تا ئێستاش پاساوی ئەوە دەهێننەوە کەوا ئەوان هەرگیز گۆڕەپانەکەیان جێ نەهێشتوە وە لەمەشا ڕاستدەکەن بۆیە هەر ئۆپۆزیسیۆنێکیش بیەوێت بەربەرەکان دیمکراسیانەیان بکات دەبێت وەکو سیر لە پێش کونەکانیان شین بێت.